گۆڤاری زانكۆ بۆ زانسته‌ مرۆڤایه‌تییه‌كان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 4 2024
ID No. 1931 (PP 281-293)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.15

توێژینەوە

# تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بە پێی بۆچوونی ڤایفگانگ تایبەرت

**دانا تحسین محمد/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

## پوختە

تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی ڤایفگانگ تایبەرت ناونیشانی توێژینەوەکەمانە، ئامانج لە توێژینەوەکە نیشاندانی پۆل و جۆری ناوەکانی زمانی کوردی لە ڕووی واتایە، کە پێویستییان بە تەواوکەری بەخورتی هەیە، هەروەها نیشاندانی ژمارە و جۆری ئەو کەرەستانەی کە دەبنە تەواوکەری بەخورتی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ناو. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی ئەنجامدراوە. توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ئەم سەردێرانە لەخۆ دەگرێت : (کورتەیەکی مێژوویی ڕێزمانی بەندیتی، تیۆری بارگەخستن لە زماندا، جۆرەکانی گرێ لە ڕێزمانی بەندێتی، تەواوکەر و سەربارەکان). بەشی دووەمیش ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ : (ئەو ناوانەی کە تەواوکەر وەردەگرن، تەواوکردنی ناو بەپێی بۆچوونی ڤایفگانگ تایبەرت، تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی ڤایفگانگ تایبەرت). لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامە : بەپێی بۆچوونی تایبەرت ناوەکانی زمانی کوردی لەڕووی واتاوە پۆلێندەکرێن، بۆ دوازدە جۆر و هەموویان پێویستیان بە تەواوکەری بەخورتییە.

CORPONDANCE
دانا تحسین محمد
Dana.mohammed@su.edu.krd

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2024/03/30 |
| پەسندکردن | 2024/06/04 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/08/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
ناو، تەواوکردنی ناو، ڕێزمانی بەندێتی، تەواوکەری بەخورتی، پۆلینکردنی ناو.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١- پێشەکی :**

**- ناونیشانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی : (تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی ڤایڤگانگ تایبەرت)دایە.

**- گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە هەوڵدەدات ژمارە و جۆری ناوەکانی زمانی کوردی لە ڕووی واتاوە بەپێی ڕیزمانی بەندێتی پۆلین بکات، هەروەها ژمارە و جۆری ئەو کەرەستانەش بخاتەڕوو، کە دەبنە تەواوکەری بەخورتی ناو لە زمانی کوردی بەپێی ڕێزمانی بەندێتی.

**- ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لە توێژینەوەکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە:

١- ئایا ناوەکانی زمانی کوردی بەپێی بۆچوونی تایبەرت پۆلیندەکرێن یاخود نا؟

٢- ئایا هەموو ناوەکان بەپێی ئەم پۆلینە تەواوکەری بەخورتی وەردەگرن؟

٣- کامە ناو لەڕووی واتاوە بەپێی ئەم پۆلینکردنە لە زمانی کوردیدا زیادترین کەرەستە وەردەگرێت و کامەیان کەمترین کەرەستە وەک تەواوکەری بەخورتی وەردەگرن.

**- ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفیدا ئەنجامدراوە.

**- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ : کورتەیەکی مێژوویی ڕێزمانی بەندێتی، تیۆری بارگەخستن لە زماندا، جۆرەکانی گرێ لە ڕێزمانی بەندێتی، تەواوکەر و سەربارەکان. بەشی دووەمیش ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : ئەو ناوانەی کە تەواوکەر وەردەگرن، تەواوکردنی ناو بەپێی بۆچوونی ڤایڤگانگ تایبەرت، تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی تایبەرت.

## یەکەم: ڕیزمانی بەندێتی:

### ١-٢ کورتەیەکی مێژوویی ڕێزمانی بەندێتی:

ڕێزمانی بەندێتی لە ژێر ڕۆشنایی بیرەکانی زمانەوانی فەرەنسی (لۆسیان تینێر- Lucien Tesniere)ەوە سەریهەڵداوە، کە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرە لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا دانراوە و دواتر لە ساڵی (١٩٥٣) لە ژێر ناوی ( Esquisse d'une syntaxe structural) لە کتێبێکی بچووکدا بڵاویکردۆتەوە.

هەندێ لە زمانەوانەکان سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی بەندێتی دەگەڕێنەوە بۆ(J.W.Meiner 1781) و (K.Buhler 1934 )، هەندێکی تریان باوەڕیانوایە، کە چەمکی پێکچوو بە چەمکەکانی ڕێزمانی بەندێتی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا و لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانی عەرەبی کۆنیشدا بەرچاو دەکەوێت. .(Heine & Narrog: 2014:237).

گەشەکردنی ئەم ڕێزمانە و چەسپاندنی وەک تێڕوانینێکی جیا لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا بۆ ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە، لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی یەکەم فەرهەنگی بارگەخستنی کار لە زمانی ئەڵمانیدا لەلایەن (Helbig & Schenkel)، سەرەڕای ئەوەی کە تینێر بۆچوونەکانی خۆی بە بەشێک لە زمانەوانی بونیادگەری ئەورووپیدا دادەنا، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فەرهەنگەکە زمانەوانەکان ئەم فەرهەنگەیان بە سەرەتایەک دانا بۆ سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەندێتی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا و هاندەریش بوو بۆ هەندێک زمانەوان، کە بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام بدەن، لەوانە (Helbig 1971,1992) و (Bondzio 1971) و (Welke 1988) و (Heringer 1970, 1996) و (Engel 1977).(Herbst: 2019:3). تەنانەت ئینگل هەوڵیدا لە ڕووی تیۆرییەوە بنەمای ڕێزمانێکی تەواو دابنێت، کە بتوانێت ڕکابەری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بکات.(کانبی:٢٠١٥:٢٧).


ئەم هەوڵانەی زمانەوانە ئەڵمانیەکان بۆ زمانەوانە ئەورووپەکانیش گوازرایەوە، بە تایبەتی دوای دروستبوونی گومان لە تیۆری بەرهەمهێنان لە چارەسەرکردنی کێشە زمانیەکان و سەر نەکەوتنی تیۆری بەرهەمهێان و گوێزانەوە لە پێشخستنی هەوڵەکانی لە بواری فێرکردنی زمانی دووەمدا. هەوڵەکانیش بەم شێوەیەن؛ لە زمانی فەرەنسی لێکۆڵینەوەی (Busse 1983) و لە زمانی ڕۆمانی و لاتینی (Zofgen) و لە زمانی ئینگلیزی هەوڵەکانی (Emons 1974,1978, Herbst 1983, Allerton 1982) دەبینرێن.( :Herbst 2019:3).

**٢-٢تیۆری بارگەخستن لە زماندا:**

تینێر زاراوەی بارگەخستنی لە زانستی کیمیا وەرگرتووە و لە زماندا بۆ بۆچوونەکەی بەکاریهێناوە، دواتر بوو بە تیۆرێکی زمانی بۆ شیکردنەوەی داتاکانی زمان لە ڕستەوە تا دەنگەوە.

تیۆرەکە ڕستە بە گەورەترین کەرەسە دادەنێت و هەوڵدەدات لەسەر بنەمای (Stemma) ڕستە شی بکاتەوە، مەبەست لە (Stemma) ئەو نواندنە هێڵکارییانەیە، کە بەهۆیانەوە یاسا و پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان لەناو ڕستەدا دەردەخات، پەیوەندییەکەش بەوە دەست پێ دەکات، کە (کار) لە ڕستەدا بە بەرزترین ئاست دادەنرێت لە نێو وشەکاندا و لە سەری هێڵکارییەکە دەبینرێت و زاڵە بەسەر وشەکانی تری نێو ڕستەکە، بە واتایەکی تر (کار) لە ڕێزمانی بەندێتی بە سەرەی ڕستە دادەنرێت و وشەکانی تری ڕستەکەش بە تەواوکەر و سەرباری کارەکە دادەنرێت. (Kapllani:2014:133).


ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان سەری ڕستە و تەواوکەرەکانی دروست دەبێت، بە پەیوەندی سەرەکی دانەپاڵ (Connexion) ناودەبرێت. ئەم پەیوەندییە بە گیانی ڕستە ناودەبرێت و ئەرکێکی ڕۆنانکاری هەیە، بەبێ بوونی ئەم پەیوەندییە ڕستە دروست نابێت. بۆ نموونە: لە ڕستەی: ئازاد هات. بەم هێڵکارییەی خوارەوە دەخرێتەڕوو:




لە نێوان هەر دوو وشەی (هات) و (ئازاد) پەیوەندییەکی سەرەکی هەیە، تینێر هەر ڕەگەزێک لەم دوو ڕەگەزی ڕستەکە، کە بریتین لە: (هات و ئازاد) بە ناوک (Nucleus) ناو دەبات، ناوک بە ڕەگەزی پێکهێنەری ڕستە دادەنرێت، کە بیرێک لەخۆ دەگرێت و ئەرکێکی واتایی جێبەجێ دەکات، هەر پەیوەندییەکی سەرەکی نێوان سەرە و تەواوکەری، دوو ناوک لەخۆ دەگرێت، کە یەکێکیان ڕەگەزی (باڵا دەستە) و ئەویتریان ڕەگەزی (بەندکراوەکەیە یان حوکم لێکراوەکەیە). (جرهارد هلبش:٢٠٠٣:٣٦١). ئەگەر ڕەگەزیکی تر بۆ ڕستەی پێشوو زیاد بکەین و بکەین بە:

- ئازاد بۆ لای تۆ هات.


لەم ڕستەی سەرەوەدا؛ دوو پەیوەندی سەرەکی هەیە، پەیوەندی یەکەم لە نێوان (هات و ئازاد)ە و پەیوەندی دووەم لە نێوان (هات و بۆ لای تۆ). هەر پەیوەندییەک لەم دوو پەیوەندییە سەرەکییە دوو ناوک لەخۆ دەگرێت، کە یەکێکیان سەرەیە و ئەویتریان تەواوکەری سەرەکەیە. (هات) سەرەی ڕستەکەیە و (ئازاد) کە بکەرە تەواوکەری یەکەمی سەرەیە، (بۆ لای تۆ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە و تەواوکەری دووەمی سەرەیە. هێڵکاری ڕستەکەش بەم شێوەیە دەبێت:




هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی ڕستەدا نەتوانرا لەبەر تێکچوونی واتای ڕستەکە لە ڕستە لابرێت، ئەو ڕەگەزە بە ڕەگەزێکی سەرەکی ڕستەکە دادەنرێت و بە تەواوکەری سەرەکە ناودەبرێت. (Somers:1984:509).

تینێر جگە لە کاری ڕستەکە (٣) ڕەگەز بە ڕەگەزی سەرەکی ڕستە دادەنێت، کە بەندن بە سەرەی ڕستەوە (کاری ڕستەکەوە)، ئەوانیش بریتین لە: ( بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕبوو، بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەر بوو، تەنیا دوو ڕەگەزی (بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆ)ی دەبێت. هەرچی ڕەگەزە ناسەرەکییەکانی ڕستە، ئەوانەن کە بەشێوەیەک لە شێوەکان کار(سەرەی ڕستەکە) ڕوون دەکەنەوە. وەک: (شوێن، کات، چۆنیەتی،هتد...). هەروەها ئەو ئاوەڵناوانەش کە وەسفی ناو دەکەن لەناو ڕستەدا بە ڕەگەزی ناسەرەکی دادەنرێن.(هلبش:٢٠٠٣:٢٦٧).

ئامانج لەم ڕێزمانە؛ دەرهێنانی تەواوکەرەکانی کار و دەست نیشانکردنی ڕۆنانە بارگەخستنیەکانی کار و ڕۆنانە بنچینەکانی ڕستەیە، ئەم ڕۆنانەش هەم بۆ ڕستەسازی و هەم بۆ فێرکردنی زمان گرنگن.(کانبی:٢٠١٥:٤١). بەواتایەکی تر ئامانج لە ڕێزمانی بەندێتی؛ جیاکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە ڕۆنان دیاری دەکەن، جگە لەمەش دانانی هەندێ یاسا بۆ تۆمارکردنی پەیوەندی نێوان سەرە و بەندەکانی.(فەرهادی:٢٠١٠:٣٦). جگە لەم ئامانجانە، لێکۆڵینەوە نوێیەکانی بارگەخستن ئامانجیان نەک تەنها دەرخستنی تەواوکەری کارە، بەڵکو هەوڵی ئەوەش دەدەن، کە تەواوکەرەکانی بەشەکانی تری ئاخاوتنی وەک: ( ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار ، هەندێک لە جێناوەکانیش) کە توانای بارگەخستنیان هەیە و پێویستیان بە تەواوکەری بە خورتیی هەیە و بەبێ بوونی ئەم تەواوکەرانە واتای ڕستەکە ناوێزە دەردەچێت. (Kapllani:2013:134). بۆ نموونە لە ڕستەی (سەری من بە بەردەکە شکا)، لەم ڕستەدا کاری (شکا) سەرەی ڕستەکەیە و (سەری من) بکەر و تەواوکەری سەرەی ڕستەکەیە. (سەری من) گرێیەکی ناوییە و (سەر) سەرەیە و (من) تەواوکەری بەخورتیی سەرەی گرێی ناوییەکەیە و لەم ڕستەدا ناتوانرێ لاببرێت، گەر لاببرێت واتای ڕستەکە تێک دەچێت. هێڵکاری ڕستەکەش بەم شێوەی خوارەوەیە.



**گرێ لە ڕێزمانی بەندێتی:**

بەشێکی زۆر لە تیۆرە نوێیەکانی رێزمانی بەندێتی بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە و نیشاندانی بارگەخستنی کار و بەشەکانی تری ئاخاوتن. وەک (ناو، ئاوەڵناو، هەندێ لە جێناوەکان) پشت بە بیری گرێ دەبەستن، بەپێی ئەرک و سەرەی گرێیەکە شەش جۆر گرێ دەست نیشان دەکەن.(Osborne: 2019:6). جۆرەکانی گرێ بریتین لە:

١- گرێی کاری (VP): ئەم گرێیە بریتییە لە خودی ڕستەکە، کە کار سەرەکەیەتی و کەرەسەکانی تری ڕستەکە تەواوکەری سەرەکەن.(کانبی:٢٠١٥:٤٥).

٢- گرێی ناوی (NP): ئەو گرێیەیە کە سەرەکەی ناوە، لە ڕستەدا ڕۆڵی تەواوکەری کاری ڕستەکە دەبینێت.

٣- گرێی ئاوەڵناوی (AP): گرێیەکە سەرەکەی ئاوەڵناوە و زیاتر ڕۆڵی ڕوونکردنەوەی ناو لە ڕستەدا دەبینێت.

٤- گرێی ئاوەڵکاری (Adv P): ئەم جۆرە گرێیە سەرەکەی ئاوەڵکارە.

٥- گرێی بەند (PP): سەرەی گرێیەکە ئامرازێکی بەندە، لە ڕستەدا ڕۆڵی تەواوکەر و سەرباری دەبینێت.

٦- گرێی دیارخەری (DP): ئەو گرێیەیە کە سەرەکەی دیارخەرێکە (determiner)، لەگەڵ ناو بەکار دێت و ئەرکی گوزارەشتکردنە لە واتاکانی ( ژمارە، نیشانە، خاوەنێتی، ناسیاوی و نەناسیاوی).(بعلبکی:١٩٩٠:١٤٥). هەرچەندە هەندێک کە زمانەوانە کوردەکان باوەڕیانوایە، کە ئەم جۆرە دیارخەرە لە زمانی کوردیدا، تەنیا لە دواوەی سەرە دێت و لە پێش سەرە نایەت.(مەحوی:٢٠١١:٩٣)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی تایبەتمەندی زمانی ئینگلیزی (the) بەردەوام لە پێش سەرە دێت و ڕێزماننووسانی بەندێتی بە دیارخەری سەرە (سەرباری سەرە) دادەنێن.

هەندێ لە زمانەوانەکان ئەم جۆرە گرێیە (گرێێ دیارخەری) پشتگوێ دەخەن و هەر بە گرێی ناوی دادەنێن، چونکە ئەو ناوانەی کە لەگەڵ ئەم دیارخەرانە بەکار دێن، خۆیان سەری گرێیەکەن نەک دیارخەرەکە. بۆ نموونە لە گرێی (کوڕەکە)، ئەوا (کوڕ) سەرەیە نەک (ەکە).(Osborne: 2019:6).

هەر گرێیەک لەم گرێیانەی سەرەوە لە  یەک سەرە و (٤) توخم بەستراو بەسەرە، پێک دێن و بریتین لە:

١- تەواوکەری بەخورتیی.

٢- تەواوکەری سەرپشکی سەرە.

٣- سەرباری تایبەتی.

٤- سەرباری گشتی.(زادە:١٣٩١:١١).

**٢-٤ تەواوکەر و سەربار:**

جیاکردنەوەی تەواوکەر و سەربار یەکێکە لەو بابەتانەی، کە ڕێزمانی بەندێتی لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەسەر کردووە، جگە لەمەش جیاکردنەوەی تەواوکەری بەخورتیی و تەواوکەری سەرپشکی بابەتێکی ترە، کە ڕێزماننووسەکان کاری لەسەر دەکەن.

تەواوکەرەکان بەوە پێناسە دەکرێن، کە: ( ئاماژە بەو ڕستە یان دەربڕینە دەکات، کە لەگەڵ سەرەدا لێکدەدرێت و پێکهاتەیەکی گەورەتر لە هەمان جۆری سەرە دێنێتە کایەوە)، یان (تەواوکەر ؛ توخمێکە، کە بوونی بە کارێک یان ناوێک یان ئاوەڵناوێک یان ئامرازێکی بەندەوە پەیوەستە لە ڕۆنانێکی زمانیدا).(کانبی:٢٠١٥:٥٠).

کەچی سەربارەکان بەوە پێناسە دەکرێن: ( ئەو توخمانەن، کە تەنیا بار و مەرجی ڕووداوەکە یان بارەکەی دەردەخات و لە ڕووی واتاوە گرنگیان نییە).(فەرهادی : ٢٠١٠:١٢٩). بە واتایەکی تر بوون و نەبوونی سەربار هیچ لە چیەتیی ڕۆنانە ڕێزمانیەکە (گرێکە) کەم ناکاتەوە، واتە بوونی و نەبوونی لە ڕۆنانی ڕستەی سەرەکیدا، هیچ گرفتێک دروست ناکات.(کانبی:٢٠١٥:٥٠). بۆ نموونە لە ڕستەی: ئێمە پارساڵ گەشتێکی خۆشمان بۆ هەورامان کرد.

لەم ڕستەیەدا (ئێمە) ، (گەشتێکی خۆش)، (بۆ هەورامان) تەواوکەری کاری ڕستەکەن. هەرچی (پارساڵ)ە، سەرباری کاری ڕستەکەیە و دەکرێ بیکرتێنین، بەبێ ئەوەی کار لە واتای ڕستەکە بکات.

بنەمای سینتاکسی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ جیاکردنەوەی تەواوکەر و سەربار، هەروەها ئامرازێکیشە بۆ جیاکردنەوەی تەواوکەری بەخورتیی و سەرپشکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت پشت لە واتا بکرێت بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە تەواوکەرە، بۆیە (Herbest) دەڵێت: ( سەرەڕای ئەوەی جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرەی تەواوکەر ئەرکێکی سینتاکسییە، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ هۆکاری واتاییەکان بکەین بۆ بە دەست نیشانکردنی جۆری تەواوکەرەکە.(Herbst: 1998:287). بۆ نموونە لەم ڕستانەی خوارەوە واتا ڕۆڵی لە جیاکردنەوەی هەر دوو تەواوکەرەکە هەیە.

١- ئەمر شەو برشلۆنە لەگەڵ ڕیال یاری دەکات.

٢- ئەمر شەو برشلۆنە یاری دەکات.

٣- عێراق لەگەڵ ئێران هەشت ساڵ شەری کرد.

ئەگەر سەیری ڕستەی (١ ،٢) بکەین، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە (ڕیال) تەواوکەرێکی سەرپشکە، بەڵام لە ڕستەی (٣) ناتوانرێت (ئێران) بکرتێندرێت، چونکە دەبێتە تێکچوونی واتای ڕستەکە.

**دووەم: تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی ڤایڤگانگ تایبەرت(Wolfgang Teubert):**

**١-٢ ئەو ناوانەی کە بە پێی ڕێزمانی بەندێتی تەواوکەر وەردەگرن:**

ناو لە ڕستەدا ئەرکی (بکەر و بەرکار) دەبینێت، دەبنە تەواوکەری سەرەی ڕستەکە (کاری ڕستەکە)، پێویستییەکانی کار ڕێگا بەو ناوانە دەدات، کە بەشداربن لە ڕۆنانی ڕستەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێک یەک ناو بە تەنها ناتوانێت لە ڕۆنانی گرێی ناوی بەشدار بێت، بەڵکو پێویستی سینتاکسی و واتایی ڕستەکە وا دەخوازێت، کە کەرەسەی تر لەگەڵ سەرەی گرێی ناوییەکە بێت و بەخورتیش بن، بە کرتاندنی ئەو کەرەسانە دەبێتە هۆی ناوێزە بوونی ڕستەکە. (Kapllani:2013:134).

هەر چەندە لە سەرەتادا ڕێزماننووسانی بەندێتی تەنها گرنگیان بە دەستنیشانکردنی تەواوکەرەکانی کار و دەرخستنی ژمارە و جۆری بارگەی کارەکانیان دەدا، بەڵام لە ئەنجامی کارەکانیان بۆیان ڕوون بۆوە، کە کار بە تەنها توانی بارگەخستنی نییە، بەڵکو هەندێک ناو و ئاوەڵناو و جێناویش ئەمر توانایەی تێدایە و دەتوانن بارگەیان بخەنە سەر چەند کەرەسەی ترەوە.

سەبارەت بە جۆری ئەو ناوانەی کە تەواوکەر وەردەگرن، چەندین پۆلینکردن و بیر و ڕای جیاواز لە دەستنیشانکردن و ناساندنەوەی ئەو ناوانەدا هەیە. بۆ نموونە (Kolarova) باوەڕیوایە، تەنها ئەو ناوانەی لە ئەنجامی پرۆسەیەک کە بە (nominalization) ناودەبرێت، بەرهەمر هێنراون، پێویستیان بە تەواوکەرە. (nominalization): بریتییە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناو لە کەرەسەکانی ترەوە، کە لە بنچینەدا (ناو) نین، بەڵکو لە کارەوە وەرگیراون.(بعلبكی :١٩٩٠:٣٣١). ئەمیش بە چەند شێوەیەکە:

١- ئەو ناوانەی کە لە کار وەرگیراون، لە ڕێگای پرۆسەیەکی سینتاکسییەوە دروست بوونە و دەلالەت لە کردەوەیەک دەکەن. وەک: (یارمەتیدان، یادکردنەوە، وەڵامدانەوە، هەناسەدان،...هتد).

٢- ئەو ناوانەی کە بە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی دروست بوونە. وەک: ناوی بکەر. وەک: (کڕیار، نووسەر،...،هتد). (Kolarova: 2006:7).

(Kapllani) باوەڕیوایە، جگە لەو ناوانەی، کە لە کار وەرگیراون، چەند جۆرە ناوی تریش هەیە، کە پێویستیان بە تەواوکەر (تەواوکەری بەخورتیی) هەیە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئەو ناوانەی کە پەیوەندییەکی خوێنی و کۆمەڵایەتی نیشاندەدەن. وەک( باوک، برا، خاڵ، براژن، هتد...).

٢- ئەو ناوانەی کە بەشێک لە لەش دەردەخەن. وەک (سەر، دەست، پێ، هتد...).

٣- ئەو ناوانەی کە دەلالەت لە بەرهەمێکی بیری دەکەن، جا زانستی بێ یان هونەری. وەک (مۆبایل، مۆسیقا، تەلەفزیۆن، هتد).

٤- شتە پێناسەکراوەکان، کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، لە ڕێگای بەش و جۆرەکانیانەوە. وەک (بەشێک لە هاوڵاتیانی کوردستان، گلاسی بیرە،هتد).(Kapllani: 2013:137).

**٢-٣ تەواوکردنی ناو بەپێی بۆچوونی ڤایڤگانگ تایبەرت:**

پۆلینەکەی (Wolfgang Teubert) بە دیارترین و بڵاوترین و فراوانترین پۆلینکردنی سەر بە ڕێزمانی بەندێتی دادەنرێت، چونکە پۆلینەکەی (Tubert) پۆلینێکە لەسەر بنەمای واتا دانراوە، هەروەها زیاترین جۆری ئەو ناوانە دەستنیشانکردووە، کە پێویستیان بە تەواوکەر هەیە. ناوەکانیش بەمر شێوەیە پۆلینکردووە:

١- ناوی جووڵە (Handlungsbezeichnung). وەک: (دروستکردن، چارەسەر،...هتد).

٢- ناوی پرۆسە (Vorgangsbezeichnung). وەک: (ڕواندن، گەشەکردن،...هتد).

٣- ناوی ئەنجام/بەرهەمر (Ergebnisbezeichnung). وەک: (دیزاین، داهێنان،...هتد).

٤- دەستنیشانکردنی دۆخ (Zustandsbezeichnung). وەک: (پیس بوون، بەدخۆراکی، ...هتد).

٥- خەسڵەت/ سیفەت (Eigenschaftsbezeichnung). وەک: (پیاوەتی، نازکردن،...هتد).

٦- پەیوەندی خێزان (Relationale Personenbezeichnung). وەک: (باوک، خاڵ،...هتد).

٧- ناوی نووسەر یان دەست پێکەرانی شتێک (Täterbezeichnung). وەک: (بەشداربووان، نووسەر،...هتد).

٨- دەسنیشانکردنی پۆل (Kategorialbezeichnung). وەک: (شار، کەمپ،...هتد).

٩- دیارکردنی ڕەهەند (Maßbezeichnung). وەک: (مەتر، کیلۆ،...هتد).

١٠- وەسفکردنی بڕی شایستە (Qualifizierende Mengenbezeichnung). وەک: (ڕێژە، یەدەگ).

١١- ئاڕاستە (Motionsmittelbezeichnung). وەک: (شەقام، ڕێگا،...هتد).

١٢- زاراوەی ناونراو (Benennbarer Begriff). وەک: (ناوی مرۆڤەکان). (Tubert: 1979:80-85).

## ٣-٣ تەواوکردنی ناو لە زمانی کوردیدا بەپێی بۆچوونی ڤایڤگانگ تایبەرت:

بەشێک لە ناوەکانی زمانی کوردی، هەروەک کار پێویستیان بە تەواوکەری بەخورتیی هەیە و ڕستەکە بەبێ بوونی ئەم تەواوکەرانە ڕستەیەکی ناوێزە هەژمار دەکرێت، چونکە بوونی ئەم تەواوکەرانە لە ڕووی سینتاکسی و واتاییەوە پێویستە. ناوەکانیش لە زمانی کوردیدا بە پێی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان و هاتنیان لەگەڵ کەرەسەی ترەوە لەناو ڕستەدا، بە چەند شێوەیەک تەواوکەری بەخورتی وەردەگرن، هەیانە یەک تەواوکەر و هەیانەشە دوو تەواوکەر یان زیاتر وەردەگرن، جگە لەمەش بە پێی بوونی هەندێ ئامراز، وەک (و، لەگەڵ)، ژمارەی ئەم تەواوکەرە بەخورتییەکان زیاد دەبێت، بۆیە دەتوانین جۆر و ژمارەی بارگەکانی ناو بەپێی بۆچوونی ڤایڤگانگ تایبەرت لە زمانی کوردیدا، بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشانبکەین:

**١- تەواوکردنی ناوی جووڵە/ کردار:** ناوی جووڵە ئەو ناوانەن، کە ئاماژەن بۆ کردارێکی مەبەستدار یان ئامانجدار دەکەن، لە لایەن مرۆڤ یان دامەزراوەکان یان ئاژەڵ ئەنجامدەدرێت، هەروەها ئەو ناوانەش دەگرێتەوە، کە چۆنیەتی ئەنجامدانی کردەیەک نیشاندەدەن. ناوی جووڵە بە چەند شێوەیەک تەواوکەر وەردەگرێت:

**آ- ناو:** هەندێک ناو لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی ئامرازی خستنەسەرەوە بە شێوەیەکی خورتی بە سەرەی گرێی ناوی دەبەسترێتەوە. وەک:

١- هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان چاوەڕوان نەکراوە.

٢- هێرشی ڕوسیەکان بۆ سەر ئۆکرانیا.

٣- چارەسەری ئۆتیزم مەحاڵە.

٤- دروستکردنی خانوو کاتێکی باشی دەوێت.

٥- سەردانێکی دکتۆرت پێویستە.

٦- ئەنجامدانی توێژینەوەک توانستێکی باشی دەوێت.

**ب- گرێی ناوی**: گرێی ناوی بە هەمان شێوەی ناو دەبێتە تەواوکەری ناوی جووڵە. وەک:

٧- داڕشتنی بەندەکانی ڕێکەوتنێکی نوێ کاتێکی زۆری دەوێت.

٨- وتاری مامۆستایانی ئاینی هەمەجۆرن.

٩- بەندەکانی دەستوری عێراق بێ کێشە نینە.

١٠- شەرکردنی ئێران لەگەڵ ئەمریکا ناوچەکە بەرەو وێرانی دەبات.

١١ - داهێنانی گێسکی کارەبا کردەیەکی قورس بوو.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند بە چەند شێوەیەک دەبێتە تەواوکەری ناوی جووڵە. وەک:

١- لەسەر. وەک:

١٢- کارکردن لەسەر فەرهەنگی زمان ئەرکی ئەکادیمیایە.

٢- بۆ. وەک:

١٣- گەشت بۆ هەورامان چێژی خۆی هەیە.

١٤- هەڵسەنگاندنەکە بۆ ماوەی ساڵێک کاری پێدەکرێت.

٣- لەلایەن. وەک:

١٥- تاقیکردنەوەکە لەلایەن خوێندنی باڵاوە سەرپەرشتی دەکرێت.

١٦- بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان لەلایەن حکومەتەوە زەرورە.

٤- لەگەڵ. وەک:

١٧- شەڕکردن لەگەڵ نەفامی کارێکی لە پێشینی ئێمەیە.

**ت- گرێی ئاوەڵکاری:** گرێی ئاوەڵکاریی وەک کەرەستەیەکی تری زمان دەبێتە تەواوکەری ناوی جووڵە. وەک:

١٨- مشتومڕەکانی سەبارەت بە ئاشتی کۆتاییان نایەت.

١٩- مشتومڕەکانی دەربارەی ئاشتی کۆتاییان هات.

**ج- پاڕستە:** پاڕستە بە هەمان شێوەی کەرەستەکانی تر دەبێتە تەواوکەری ناوی جووڵە. وەک:

٢٠- گفتوگۆکانیان کە دەربارەی دانانی کابینەی حکومەت بوو، کۆتایی هات.

٢١- شەڕەکە هەتا ئاشتی زاڵ دەبێت، بەردەوام دەبێت.

**چ- وشەی وەک+ گرێی ناوی:** وشەی وەک لەگەڵ گرێیەکی ناوی ڕۆڵی تەواوکەری ناوی جووڵە دەبینن. وەک:

٢٢- بەکارهێنانی وەک مادەیەکی چەسپیو نەگونجاوە.

تەواوکردنی ناوی جووڵە بە هۆی شەش کەرەستەی جیاجیای زمان ئەنجامدەدرێت.

**٢- تەواوکردنی ناوی پرۆسە:** ناوەکانی ئەم پۆلە ئاماژە بۆ پرۆسەیەک یان ڕووداوێک دەکەن، کە ناکرێت، کردەکە بە کردەیەکی مەبەستدار و ئامانجدار دابنرێت. ناوی پرۆسە بە چەند شێوەیەک تەواودەکرێت:

**آ- ناو:** ناو یەکێک لەو کەرەستانەی کە ناوی پرۆسە تەواودەکات. وەک:

٢٣- دەرکەوتنی خۆر لە جەمسەری باکوور شتێکی ناوێزەیە.

٢٤- ڕواندنی درەختەکان لە بەهار دەستپێدەکات.

٢٥- بەریەککەوتنی تەنەکان هۆکاری سەرەکی تەقینەوەکە بوون.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی بە هەمان شێوەی ناو دەبێتە تەواوکەری ناوی پرۆسە. وەک:

٢٦- گەشەکردنی ئابوری چین زۆر خێراییە.

٢٧- داخورانی توێکلی زەوی لەناکاو بوو.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند کەرەستەیەکی تری زمانە، کە دەبێتە تەواوکەری ناوی پرۆسە. وەک:

٢٨- کاریگەری ئەو لەسەر ڕووداوەکە چەندبوو؟

٢٩- پەیوەندی لەنێوان ئێمە کۆتایی هات.

٣٠- گەشەکردن بە هۆی پەینەوە خێراترە.

٣١- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵەکە لەناکاو بوو.

**ت- وشەی وەک+ گرێی ناوی:** وشەی وەک لەگەڵ گرێی ناوی دەتوانێت ناوی پرۆسە تەواوبکات. وەک:

٣٢- گرنگیدان بە هەنگوین وەک بەربوومێکی نیشتیمانی ئەرکی لە پێشینەی حکومەتە.

ئەو کەرەستانەی کە دەبنە تەواوکەری ناوی پرۆسە لە چاو ئەو کەرەستانەی کە دەبنە تەواوکەری ناوی جووڵە ژمارەیان کەمترە.

**٣- تەواوکردنی ناوی ئەنجام/بەرهەم:** ناوی ئەنجام؛ ئەو ناوانە ئاماژە بۆ ئەنجامێک یان بەرهەمێک دەکەن، بەبێ ئەوەی ڕادەی کاریگەری کردەکە دەربخەن. ناوی ئەنجام هاوشێوەی ناوەکانی تر بە چەند ڕێگەیەک تەواودەکرێت:

**آ- ناو:** ناو کەرەستەی سەرەکیە بۆ تەواوکردنی ناوی ئەنجام. وەک:

٣٣- ئەمە داهێنانی ئەدیسون بوو!

٣٤- دیزاینی خانووەکە جوانە.

٣٥- بڕیارەکانی حیزب نەگۆڕن.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی کەرەستەیەکی تری زمانە، کە دەبێتە تەواوکەری ناوی ئەنجام. وەک:

٣٦- مشتومڕەکانی دژی پەیماننامەکە کۆتایی هات.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند هاوشێوەی گرێی ناوی دەبێتە تەواوکەری ناوی ئەنجام. وەک:

٣٧- پلانەکەم لەگەڵ تۆ دەسکەوتی باشی هەبوو.

٣٨- زیادکردنی چەند بەندێک بۆ ڕێککەوتنەکە هەموو لایەکی دڵخۆشکرد.

**ت- پاڕستە:** پاڕستە کەرەستەیەکی تری زمانی کوردییە، کە ناوی ئەنجام لە زمانی کوردی تەواودەکات. وەک:

٣٩- ئەو تێزەی کە دەربارەی مێژووی کوردستان بوو، پلەی نایابی بەدەستهێنا.

٤٠- ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی سووتانی بازاڕی لەنگە بوو، کۆتاییان هات.

ژمارەی تەواوکەرەکانی ناوی ئەنجام هاوشێوەی ژمارەی تەواوکەرەکانی ناوی پرۆسەیە.

**٤- تەواوکردنی دەستنیشانکردنی دۆخ:** ناوەکانی دۆخ ئاماژە بۆ ئەنجامێکی کاتی دەکەن، کە لە ئەنجامی کردەوەیەکی ڕوویانداوە. واتە؛ کات هۆکارە بۆ جیاکردنەوەی ئەم پۆلە لەگەڵ ناوی ئەنجام. تەواوکردنی دوخیش بەمشێوەیە:

**١- ناو:** لە زمانی کوردیدا، ناو دەبێتە تەواوکەری دۆخ. وەک:

٤١- پیس بوونی ژینگە بە هۆکاری زۆر بوونی ڕێژەی ئۆتۆمبێلە.

٤٢- بارینی بەفر هۆکارە بۆ دابەزینی پلەی گەرما.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی دۆج تەواودەکات. وەک:

٤٣- بەد خۆراکی بەشێکی زۆر لە منداڵان بۆ خراپی سیاسەتی ئابوری وڵات دەگەڕێتەوە.

٤٤- پلەی گەرمی هەوا لە نیوەڕۆ بەرزە.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند کەرەستەیەکی ترە، کە ئەرکی تەواوکەری دۆخ دەبینێت. وەک:

٤٥- پێگەی لە دەسەڵاتدا بەهێزبووە.

٤٦- ترسی سارا لە تۆ بێ هۆ نییە.

٤٧- ئارەزووکردن بۆ خواردنی سوێر نیشانەی نەخۆشییە.

٤٨- پاشەکشێ تۆ لەگەڵ ئەودا بێ هۆکار نییە.

ئەم پۆلەی ناو تەنیا سێ کەرەستەی زمان وەک تەواوکەر وەردەگرێت.

**٥- تەواوکردنی خەسڵەت/ سیفەت:** پۆلی ئەم ناوانە(ناوی خەسڵەت) ئاماژە بۆ خەسڵەت و سیفەتێکی نەگۆڕی کەسێک یان شتێک یان حاڵەتێک دەکەن. ناوەکانی ئەم پۆلە بەم کەرەستانە تەواودەبن:

**١- ناو:** ناو دەبێتە تەواوکەری ئەم پۆلەی ناو. وەک:

٤٩- لە وڵاتە ئەورووپیەکان کەرامەتی هاوڵاتیان پارێزراوە.

٥٠- پیاوەتی ئێوە ڕەنگدانەوەی کەسایەتیتانە.

٥١- سیفەتی داگیرکەر ناگۆڕێت.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی هەروەک ناو دەبێتە تەواوکەری سیفەت. وەک:

٥٢- دابونەریتی کوردان جوانە.

٥٣- هەبوونی هاوڕێی دڵسۆز نیعمەتە.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند دەبێتە تەواوکەری سیفەت. وەک:

٥٤- نازکردنی کچان لە زانکۆ جوانە.

٥٥- نازکردنی ژن بەسەر مێردەکەی لێهاتوویە.

کەرەستەکانی (ناو، گرێی ناوی و گرێی بەند) دەبنە تەواوکەری ناوی خەسڵەت.

**٦- تەواوکردنی پەیوەندی خێزان:** ئەم ناوانە ئاماژە بۆ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەکەن، کە کەسێک لەگەڵ ئەویتر هەیەتی. واتە؛ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سەر و تەواوکەرەکانیدا دیاریدەکرێت. ئەم پۆلەش بە کەرەستەکانی (ناو، گرێی ناوی و گرێی بەند) تەواودەکرێن:

**ا- ناو:** ناو دەبێتە تەواوکەری ئەو ناوانەی کە دەرخەری پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتین. وەک:

٥٦- باوکی ئازاد هات.

٥٧- برازای نازم دیت.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی بە هەمان شێوەی ناو دەبێتە تەواوکەری ناوی خێزان. وەک:

٥٨- خزمانی ماڵی باوکم سەردانیان کردووین.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند کەرەستەیەکی تری زمانە، کە دەبێتە تەواوکەری ئەم پۆلە. وەک:

٥٩- خزمایەتی ئێمە لەگەڵ ئەوان کۆنە.

**٧- تەواوکردنی ناوی نوسەر یان دەستپێکەرانی شتێک:** دەستپێکەرانی شتێک؛ ئەم ناوانەن، ئاماژە بۆ کەسانێک دەکەن، کە کارێک ئەنجامدەدەن، جا بە بەشداریکردن بێت، یان دانانی شتێک، یان نوێنەرایەتی کردنی کەسێک یان وڵاتێک. ناوی نووسەریش بە چەند شێوەیەک تەواودەکرێت. وەک:

**١- ناو:** ناو ناوی دەستپێکەری شتێک تەواودەکات. وەک:

٦٠- بەشداربووانی فیلمەکە لە یەکەم ڕۆژی پەخشکردنی فیلمەکە لە سینەما ئامادەدەبن.

**ب- گرێی ناوی:** کەرەستەیەکی تری زمانە، کە ناوی دەستپێکەرانی شتێک تەواودەکەن. وەک:

٦١- نوێنەری وڵاتە یەکگرتوەکان سەردانی کوردستانی کرد.

٦٢- نووسەری ڕۆمانی دایک خەڵاتکرا.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند هاوشێوەی گرێی ناوی دەبێتە تەواوکەری ناوی دەستپێکەرانی شتێک. وەک:

٦٣- بەشداربوون لە ناشتنی مردوودا سونەتە.

٦٤- بالیۆزی عێراق لە سوید کوردە.

٦٥- نامەبەرمان بۆ وەزارەت هێشتا نەهاتۆتەوە.

**٨- تەواوکردنی دەستنیشانکردنی پۆل:** ناوەکانی ئەم پۆلە ئاماژە بۆ زاراوەیەکی گشتی دەکەن، کە لەسەر بنەمای ڕادە و قەبارە پۆلینکراون. ناوەکانی دەستنیشانکردنی پۆل بە چەند شێوەیەک تەواودەکرێت:

**ا- ناو:** ناو کەرەستەیەکی سەرەکییە بۆ تەواوکردنی ناوی پۆل. وەک:

٦٦- شاری هەولێر پایتەختی کوردستانە.

٦٧- خراپیی سەرخۆشی زۆرە.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی کەرەستەیەکی تری زمانی کوردییە، کە ناوی پۆل تەواودەکات. وەک:

٦٨- کەمپی دارەشەکران ئاوارەی ڕۆژئاواییەکان لەخۆدەگرێت.

٦٩- کێشەی دەستنیشانکردنی نرخ بە دۆلارەوە بەستراوە.

٧٠- بواری لێکۆڵینەوەی مووشەکییەکانی ڕوسیا زۆر بەرەو پێشچووە.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند پۆلێکی ترە، کە لەگەڵ گرێی ناوی پۆل تەواودەکات. وەک:

٧١- بواری لێکۆڵینەوە پزیشکیەکان لە هیندستان لە پەرەسەندایە.

٧٢- مەترسییەکانی قەرزکردن لە بەنکی نێودەولەتی زۆرن.

**٩- تەواوکردنی دیاریکردنی ڕەهەند:** دیاریکردنی ڕەهەند، پۆلی ئەم ناوانە ئاماژە بۆ پێوەرەکانی (درێژی، کێش، بۆشایی و کات) دەکەن. ناوەکانی ئەم پۆلە بە (ناو، گرێی ناوی و گرێی بەند) تەواودەکرێن.

**ا- ناو:** ناو پۆلی دیاریکردنی ڕەهەند بەمشێوەیە تەواودەکات:

٧٣- یەک کیلۆ قاوەم بۆ بهێنە.

٧٤- دوو مەتر قوماشم کڕی.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی هاوشێوەی ناو پۆلی دیاریکردنی ڕەهەند تەواودەکات. وەک:

٧٥- ئەوان تەنێکی ئەو خورمایەیان فرۆشت.

٧٦- قوتویەکی دۆشاوی تەمامەی هێنا.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند کەرەستەکی تری زمانی کوردییە، کە پۆلی دیاریکردنی ڕەهەند تەواودەکات، وەک:

٧٧- هەزار کیلۆمەتر لە کێبڵ دەکڕین.

٧٨- پەرداخێک لە شەربەتی هەناری خواردەوە.

**١٠- تەواوکردنی وەسفکردنی بڕی شایستە:** ناوەکانی پۆلی وەسفکردنی بڕی شایستە ئاماژە بۆ ڕادە و پێوانەی زۆر دەکەن، کە دەربارەی کەسەکان یان شتەکان دەگوترێت. ئەم پۆلەش بە چەند کەرەستەیەک تەواودەکرێن. وەک:

**أ- ناو:** ناو دەبێتە تەواوکەری پۆلی وەسفکردنی بڕی شایستە. وەک:

٧٩- ڕێژەی بێکاری لەبەرزبوونەوەدایە.

٨٠- زۆرترین بڕی باران لە حاجی ئۆمەران باریوە.

**ب- گرێی ناوی**: گرێی ناوی کەرەستەیەکی تری زمانی کوردییە، کە دەبێتە تەواوکەری ئەم پۆلە ناوە. وەک:

٨١- یەدەگی نەوتی عێراق زۆرە.

٨٢- ڕادەی ئاوی ژێر زەوی لە کەمیدایە.

**پ- گرێی بەند:** گرێی بەند لەگەڵ ناو دەبێتە تەواوکەری ئەم پۆلە ناوە. وەک:

٨٣- ئاماری هەژاری لە عێراق لە بەرزبوونەوەیە.

٨٤- دابینکردنی نەوت بۆ ماڵان کاری لە پێشینەی حکومەتە.

**١١- تەواوکردنی ئاراستە:** پۆلی ئەم ناوانە ئەو ئامێر و ئامراز و ڕێگانە ڕووندەکاتەوە، کە بە هۆیەوە مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچێت. ناوی ئاراستە بە (ناو، گرێی ناوی، گرێی بەند و پاڕستە) تەواو دەبێت. وەک:

**أ- ناو**: ناو دەبێتە تەواوکەری ناوی ئاراستە. وەک:

٨٥- بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەت چوومە سلێمانی.

٨٦- چین فرۆکەی تەکسی دەخاتە کار.

**ب- گرێی ناوی:** گرێی ناوی کەرەستەیەکی تری زمانی کوردییە، کە دەبێتە تەواوکەری ئەم پۆلە. وەک:

٨٧- شەقامی سەد مەتری داخراوە.

٨٨- ئەمە ڕێگای شاری هەولێرە.

**پ- گرێی بەند**: گرێی بەند لەگەڵ ناو دەبێتە تەواوکەری ناوی ئاراستە. وەک:

٨٩- ڕێگەی چوون لە کەرکووکەوە بۆ سلێمانی داخراوە.

٩٠- ڕێگای دهۆک بۆ سلێمانی بە هەولێر دەڕوات.

**ت- پاڕستە:** پاڕستە دەتوانێت ببێتە تەواوکەری ئەم پۆلە. وەک:

٩١- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە کارەبا کاردەکەن، فرۆشیان کەم بوویتەوە.

**١٢- تەواوکردنی زاراوەی ناونراو:** ناوەکانی ئەم پۆلە ئاماژە بۆ کەسانێک یان شتێک دەکەن و لە کەسان و شتی هاوشێوەیان جیادەکەنەوە. تەواوکردنی ئەم پۆلە ناوە دەکرێت بە خورتی بن و دەشکرێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بن، بەڵام ئەو ناوانەی کە بە خۆرتی تەواودەکرێن، بە دوو شێوە تەواودەکرێن:

**أ- گرێی ناوی**: گرێی ناوی دەبێتە تەواوکەری ئەم پۆلە. وەک:

٩٢- سڵاو لە شێخ عەلیی کوڕی قازی محەممەد دەکەین.

**ب- پاڕستە:** کەرەستەیەکی تری زمانی کوردییە، کە ئەم پۆلەی ناوە تەواودەکات. وەک:

٩٣- سڵاو لە شێخ عەلی دەکەین، کە کوڕی قازی محەممەد.

ئەم پۆلە کەمترین تەواوکەری بەخورتی وەردەگرن.

### ٤- ئەنجام:

١- لەسەر بنەمای بۆچوونی تایبەرت ناوەکانی زمانی کوردی لەڕووی واتاوە پۆلیندەکرێن، بۆ دوازدە جۆر و هەموویان پێویستیان بە تەواوکەری بەخورتییە.

٢- پۆلی ناوی جووڵە زۆرترین تەواوکەری بەخورتی لەخۆدەگرێت، بەوەی شەش کەرەستەی زمانی کوردی دەبنە تەواوکەری ناوی جووڵە.

٣- بەشی زۆری پۆلە ناوەکانی زمانی کوردی لە کەمترین حاڵەتدا سێ جۆری تەواوکەری بەخورتی لەخۆدەگرن.

٤- پۆلی زاراوەی زانراو کەمترین کەرەستەی زمانی کوردی وەک تەواوکەری بەخورتی وەردەگرێت و تەنیا دوو کەرەستە دەبنە تەواوکەری ئەم پۆلە.

## ٥- لیستی سەرچاوەکان:


### ١- بە زمانی کوردی:

- کانبی، دلێر صادق(٢٠١٥)، تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپی١، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا(٢٠١٠)، ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- مەحویی، محەمەدی (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

### ٢- بە زمانی عەرەبی:

- هلبش، جرهارد (2003)، تاريخ علم اللغة الحديث، ط1، مكتبة زهراء، قاهرة.

- بعلبكي، منير (1990)، معجم المصطلحات اللغوية،ط1، دار العلم للملايين، بيروت.

### ٣- بە زمانی فارسی:

- زاده، امید طبیب (١٣٩١)، دستور زبان فارسی بر اساسی نظریەی گرەهای خودگردان در دستور وابستگی، چاپ اول، نشر مرکز، تهران.

### ٤- بە زمانی ئینگلیزی:

- Heine, B. & Norrog, H. (2014), Linguistic analysis, second edition, oxford.

- Herbst, T.(1998), A Valency model for nouns in English, journal of linguistics,V.24,No.2.

-Herbst, T. (2019) , English Valency structures- A first sketch. http//webdoc.gwdg.de/edoc/ia/eese/article 99/herbst/main1/html.

- Kapllani, M. (2013), Noun Valences, Noun Head and its Satellites, Academic journal of Interdisciplinary studies, V.2.No4. Roma.

- Kolarova, V. (2006), Valency of deverbal nouns in Czech, The Prague Bulletin of Mathematical linguistics, P.8.

- Osborne, T. (2019), A Dependency Grammar of English, Amsterdam/ Philadelphia.

- Somers, H, L. (1984), On the validity of the complement- adjunct distinction in valency grammar, journal of linguistics, V. 22.

### ٥- بە زمانی ئەڵمانی:

- Tubert, W. (1979), Valenz des Substantir, Dusseldorf.

**تكملة الأسماء في اللغة الكوردية حسب رأي فايفغانغ تايبرت**

**دانا تحسين محمد**
قسم اللغة الكوردية،كلية التربية،جامعة صلاح الدين-
أربيل،أربيا،أقليم كوردستان،العراق
dana.mohammed@su.edu.krd

**ملخص**

هذا البحث المعنون بـ (تكملة الأسماء في اللغة الكوردية حسب رأي فايفغانغ تايبرت) يهدف إلى تحديد نوع والفئات الأسماء الكوردية من حيث المعنى، التي تحتاج الى المكملات الإلزامية للأسماء، وكذلك عدد و انواع الأصناف اللغوية التي تصبح مكملات الزامية لهذه الأسماء، وقد تم دراسة الموضوع من منظور المنهج الوصفي، ويتكون البحث ماعدا المقدمة والنتائج من فصلين؛ الفصل الأول، ويتضمن العناوين التالية: خلاصة حول تاريخ قواعد التكافؤ، ونظرية التكافؤ في اللغة، وأنواع العبارات في قواعد التكافؤ، وأخيراً المكملات والاضافات. والفصل الثاني يتضمن العناوين التالية: الأسماء التي لها مكملات، تكملة الاسماء حسب رأي فايفغانغ تايبرت، تكملة الاسماء في اللغة الكوردية حسب رأي فايفغانغ تايبرت.

وفي الخاتمة، توصل البحث إلى أنه بحسب تايبرت، تصنف الأسماء الكردية من حيث المعنى إلى اثني عشر نوعاً، وكلها تحتاج إلى تكملة الزامية.

**الكلمات المفتاحية:** الاسم ، تكملة الاسماء، قواعد التكافؤ، تكملة الزامية، تصنيف الأسماء.

**Completion of Nouns in the Kurdish Language According to the Opinion of Wolfgang Teubert**

**Dana Tahsin Mohammed**
Department of Kurdish, College of Education,
Salahaddin University- Erbil, Erbil, Kurdistan
Region, Iraq
dana.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

This research, entitled (Completion of nouns in the Kurdish language according to the opinion of Wolfgang Teubert), aims to determine the type and categories of Kurdish nouns in terms of meaning, which need obligatory complements to nouns, as well as the number and types of linguistic categories that become obligatory complements to these nouns. The subject has been studied. From the perspective of the descriptive approach, the research consists of two chapters, except for the introduction and results. The first chapter includes the following titles: a summary of the history of equivalence rules, the theory of equivalence in language, types of phrases in the equivalence rules, and finally complements and additions. The second chapter includes the following titles: Nouns that have complements, Complementation of nouns according to the opinion of Wolfgang Teubert, Completion of nouns in the Kurdish language according to the opinion of Wolfgang Teubert.

In conclusion, the research concluded that, according to Teubert, Kurdish names are classified in terms of meaning into twelve types, all of which require an obligatory complement.

**Keywords:** noun, nominal complement, equivalence rules, obligatory complement, classification of nouns.